# یۆگایەك لە ژوواندا

مەهاباد قەرەداغی

لەوێ. .
کە هەموو شتێ تامی ئاورینگ دەدا
کە جوانییەکان لە بەر تیشک ڕاکشاون. . لەگەڵ سیحرا دەدوێن
لەوێ. .
هەستەکان پەیتا پەیتا،
بە سەر شانۆ خزەکانی ئاوەزدا دەخلیسکێن
لەوێ. .
سۆزەکان لە ئامێزی یەکتردا
لە ژێر ڕووناکی چراکانی چاو
بە چرپە داستانی چاوبازی بۆ یەکتری دەگێڕنەوە و،
لە حەژمەتی عەشقدا. . دەبن بە تنۆکێ ئاو.
لەوێ. . کە هەموو لە هێمنیدا. .
لە خاوبوونەوە و خەودا. .
لە ناز و نیازدا. .
خەڵتانی خەڵوەتن.
کە هەموو لە ژێر شۆرەبی شەودا
بە سۆنگەی ماچێ
غەرقی لەززەتن،
لەوێ. . کە گشتمان چوون گژوگیا
بە دەم لەرزانەکانی سەماوە دەلەرینەوە
بە دەم شنەکانی شادیدا دەخەنینەوە
لەوێ. . تەنها تاوێ
نەرم نەرم. . لە سێبەری خاوی خۆرەتاوێ
تۆ وەرە. . و. .
چاوێ لە چاوی چەپی ڕۆحم کە. . و
نیگاری وردی ناخم بکێشە!
چاوێ لە چاوی ڕاستی ڕازم کە. . و
بە مەستییەوە حەسرەت بکێشە!
لەوێ. . کە تۆ هەڵوەدا و من هەوەدام
کە تۆ مەستی هەستی و. . من سەودام
کە تۆ لانەوازێکی بێنیازی و. . من جێگام
لە قووڵایی قەوارەمدا ئۆقرە بگرە و،
لە ناو پەناگای نیگامدا ببورێوە
بە دەم بورانەوە و سەماوە

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
15/07/2003 12:18

له پێکێکی کریستاڵدا کامەرانیم وێده. . تا بەختیاریت بۆ چێکەم
ئەدرەسی بیناییتم بۆ بنێره. .
تا له ناو زەرفی چاومدا سۆماییمت بۆ بەرێکەم
بە باڵەکانمەوەت دەپێچمەوه. . تا دەخەوی و ناخەوی
بە دەم خەونێکی سادەوه
له ساتەکانی سەودایی و سەهەندەییم ڕابمێنه
تا بروانمه شینایی شێتیت
لەوێ. .
له ژووانگەی بەرخۆری خۆرهەڵاتدا
خاڵێک هەیه رەش. . چوون سۆماییم
بیکه به رووگه و. . رووی تێکه
لەوێ. . من تنۆکێ ئاونگم به سەر سونبولێکەوه
که شەوانه لەبەر ساتەشەرمی ژووان خەڵتانی ئارەقه!
ئێستا به دەم ڕامانێکی تیشکئاساوه
لەسەر ئەم نەرمەچنوورەی جێژووان ڕاکشێ و. .
له بەر خاوەردا. . خاوبەرەوه !
تا ئەوپەڕی خاوبوونەوه
چاولێک بنێ!
دەبینی. . فریشتەیەک دێت و
فەرشی فەرامۆشیت بۆ ڕادەخات
سەرینێکی یاسەمەنت لەژێر سەر دەنێت
لێفەیەکی لاولاوت به سەردا دەدات
دەبینی،
بارانێکی شەوبۆ گوڵاوپەرژێنت دەکات
خەیاڵێکی وەنەوشەیی ختوکەت دەدات
چاوت لێک بنێ و، بنۆڕه
چۆن له ئاسمانەوه ئاورینگ، نەرم نەرم نیگات تەڕ دەکات
چۆن له زەمینەوه کەروێشکەی گیا. . گیانت دەبزوێنێ!
چاوت لێک بنێ و. .
تەنها بیر له عەشق بکەرەوه
تەنها له هەردووکمان و
له هەودایی و
له سەودایی !
له سەدایی و. . له هەودایی
هێمن هێمن،
ڕا بمێنه. . له قوڵایی قەوارەی هەردووکمان
بیر بکەرەوه. .

لەو دارسێوەی کە لە سێبەریدا تێرسەمامان کرد
لەو گەڵایانەی کردمانن بە کراس
لەو لقانەی کە یادگارییەکانی عەشقمان لەسەر نووسی!
هێمنتر و. . هێمنتر
قوڵتر و قوڵتر
ئارام ئارام لای ئەو دارسێوە بمێنەرەوە
جەستەت تژیکە لە رووناکی ژووان
چاوت تژیکە لە رووانینی نیان
گوێکانت پڕ کە لە چەهچەهەی رامووسان
دەروونت پڕاوپڕ کە. . لە سۆزی هەمیشەیی عەشق و،
دەماخت پڕ، پڕ کە لە بۆنی ئاوێزان!
ئێستا. .
چاوەکانت پڕن لە چاوەنداز!
دەروونت تژییە لە وزەو نیاز،
دڵیشت پڕ، پڕە لە قوڵپەی ئەڤین و. . لە بەزم و ئاواز!
ئێستا. .
تۆ بۆ هەمیشە لەوێی. .
لەوێ کە هەموو شتێ تامی تەلیسم و تەما دەدا
لەوێ کە هەموو بۆنێ وەک شەوبۆ خۆشە. .
هەموو ساتێ وەک سەما سرکە!
ئیدی تۆ لەوێی!
لە ئامێزی من. . لە بەر خاوەری خەونمدا
بۆ هەتا هەتایە لەوێی. .
لەوێ کە گەڵاکانی دارسێوی ئەڤین
گیانمان دادەپۆشێ بە سەوزیی
لەوێ. .
کە جوانییەکان لە بەر تیشک راکشاون. . لەگەڵ تەلیسم و تەما دەدوێن
لەوێ. .
کە هەستەکان پەیتا پەیتا،
بە سەر شانۆ خزەکانی ئاوەزدا دەخلیسکێن!
لەوێ. .
هەردووکمان هەسارەئاسا بە تەنافی تریفەوە هەڵواسراوین،
لە بۆشاییدا وەکو زەنگ دێین و دەچین
لەوێ کە من و تۆ تەنیاترین تەنیاین. .
من و تۆ. .
هەم مرۆڤین. . هەم خوداین!

٢-٧-٢٠٠٣ ستۆکهۆڵم

کوردستان نێت www.kurdistannet.org